# ئایدزو دیموکراتیەت...

## کەمال ڕەئوف

لەناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا , جاریکی تر جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا , جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە لەسەرسیاسەتی دژی تیرۆر ودیکتاتۆری ودەسەڵاتی شمولی لەجیهاندا بەردەوام دەبێت ,هەروەها سەردانە کتووپڕەکەشی بۆ بەغداد جگەلەوەی بۆ بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی هێزە سەربازیەکەیەتی لەهەمانکاتیشدا بۆ جەختکردنەوەیە لەسەر هەڵویستەکانی پێشووی , ئەم پێی داگرتنەی سەرۆك لەکاتێکدایە کە لەناو ئەمریکاو لەنێو مەجلیسی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دەنگێکی زۆروفراوان هەیە کە داوا دەکات و دەخوازن ئەمریکا بەسیاسەتەکانی ئێستای خۆیدا بچێتەوە , بەتایبەتی ئەو سیاسەتە توندانەی کەلەدوای 11ی سێپتێمبەرەوە گرتوویەتیە بەرو لەبەرامبەر نەیارەکانیدا, هەروەها ئەو گوتاروسەردانە لەکاتێکدایە کە ئەمریکالە جەنگی عێراقیدا توشی ئەو گرفتە بووە کەنازانێ چۆن لەگەڵ ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکانیدا مامەڵەبکات ,هەربۆیە ئەو جەختکردنەوەیەی بوش لەپاشەکشەنەکردنی لەعێراقدا هیچ لەڕاستیەکان ناگۆڕێت و ناشبێتە پاساوێکی دروست بۆ تەنگەتاوی سیاسی و سەربازیان لەعێراقدا , چونکە هەتائێستا ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی دوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی سەدام حسێن ڕوولەزیاد بوون دەکات و ئەو ژمارەیەیی تێپەڕان کەلەکاتی شەڕەکەدا لێی کوژرا , هەروەها تاکو ئێستا هاوپەیمانەکانی بەتایبەتی ئەوروپا وەك پێویست بەدەنگ خواستەکانی ئەمریکاوە نەهاتوون و ئامادەنین کەکۆمەکی جدی مادی وسەربازی بە بەرنامەکانی لەعێراقدا بکەن , وولاتانی دراوسێی عێراقیش وەك پێویست لەهەڕەشەکانی ئەمریکا سڵ ناکەنەوەو دەست بەرداری دەست تێوەردانی گێرەشێوینانە نەبوون ,لەولاشەوە ڕای گشتی جیهانی و شەقامەکان لەدژی هەڵمەتی سەربازی و هەیمەنەی ئەمریکا لەجیهاندا هێور نەبوونەتەوە ,ئەمانە جگەلەوەی کەبۆ ئیدارەی شەڕی ئەمریکی تاکوئێستا تەبریری تەواوەتی هەڵگیرساندی ئەوشەڕەش بەدەست نەهاتووە, هەرچی بەرئەنجامی جەنگەکەشە تائێستابەتەواوەتی یەکلا نەبۆتەوەو سەری مارەکە کە سەدام حسێنە نەتوانراوە دەستبگیری بکەن و توانیویەتی لەناو خاکی عێراقداخۆی حەشاربدات , هەرچی ڕێگرتنیشە لەگەشەسەندنی تیرۆر لەدوای شەڕەکەوە بەپێچەوانەوە کاری تیرۆری لەناوچەکەدا زیادی کردوە و زۆرێك لەهێزە نەیارەکانی ئەمریکای لەیەکتر نزیك کردۆتەوە ووەك ئەوەی کە هەندێك لە هێزە ئیسلامی و بەعسیەکانی بەرەو نزیك بوونەوە بردووە, عێراقی دوای سەدام بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەمریکا نەك هەرنەبووەتە قەڵایەك بۆ هێزەکانی ئەمریکا بەڵکو بووەتە مەیدانی هەمووهێزە ئیسلامی ونەیارەکانی , هەروەها دەرکەوت کە خەرجی جەنگیش زۆر لەوە زیاتری پێویستە کە پێشترلەلایەن ئیدارەی شەڕەوە بۆی دابین کرابوو, لەهەمووئەوانەش خراپترئەوەیە کە مەجلیسی حوکم ئەوانەی لە هێزەگەورەکانی ئۆپۆزیسۆنی سەدام ودۆستەکانی ئەمریکادروستکراوە , تاکو ئێستا نەك هەرنەیان توانیوە وەزعەکە هێوربکەنەوە بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ کێشەو گرفت ڕوولەناو ناوخۆشیان دەکات , بەقسەی بەرپرسە ئەمریکیەکان ئەو مەجلیسە کەسی وای تیانیە کەتوانای قیادەکردنی عێراقی هەبێت ئەمەجگەلەوەی کە سەربازە ئەمریکاییەکان ماف بەخۆیان دەدەن لە چوونەژورەوەیاندا بۆ ناوهۆڵی کۆبوونەوەکان بیان پشکنن , هەروەها لەکاتی سەردانەکەی بوشیشدا دەرکەوت کە چۆن ئەندامان و سەرۆکی مەجلیسەکە تێکەڵ بەسەربازەکانیان دەکەن و تەنها مافێك کەپێیان داون چەپڵەکوتان و وێنەگرتنە لەگەڵ بوش. هەروەها جورج بوش لەگوتارەکەی ئۆکتۆبەریدا بەئارەزوی خۆی باس لە دیموکراتیەتی هەندێ لە هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا دەکات , لەوێدا ئەو ئاماژانە دەردەکەون کەچیتر ناتوانین دیموکراسی لەڕوانگەی ئەمریکاوە بە پێناسەکۆنەکەی بناسینەوە , چونکە ئەمریکا وەك سەرکردە و پارێزەروسەرچاوەی دیموکراتیەت ئاوا ریز بەندی دەکات کەلای وایە دەسەڵاتێکی کۆنە پارێزی وەك حاکمانی خێزانی سعودیە لەدەسەڵاتی کراوەی لوبنانیەکان دیموکراتتر وگونجاوترو باشترە , سیاسەتی ئێستای ئەمریکا کەلای وایە شێخ و ئەمیرەکانی کەنداوی عەرەبی لە شێوازی دەسەڵاتدارێتی میسرو ئێران باشترن و لەمەسەلە دیموکراتیەکاندا بەهەنگاوی گەورە چوونەتە پێشەوە , ئەو بۆ چوونانە ئەوڕاستیانە دەردەخەن کە ئەمریکا بەگوێرەی بەرژەوەندیە دوورو نزیکەکانی خۆیدەیەویت پێناسەی دیموکراتی و بەرەی نادیموکراتی بکات , چونکە ئەگەر دیموکراسیەت پێکهاتەی کۆمەڵێك دیاردەی مەدەنی وکۆمەڵایەتی بێت , یان مانای کرانەوەی کۆمەڵگەوشەفافیەتی

دەسەلأت بێت وهەولێك بێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەلأتداریتی بکرێت , یان ئەگەر بروا بوون بێت بە وەی کە مافی هاوبەشێتی وبەشداریکردن و ژیان بۆئەندامەکانی کۆمەڵ بەدەست بهێنێت , ئەوا میسرو ئێران زۆر لەپێشترن لەولأتێکی وەك سعودیە کەدەسەلأت بۆچەندین ساڵە لەدەست بنەماڵەیەکدا قۆرخ کراوە وجێگەی هەناسەیەك نیە بۆ ژنان کەخۆیان دەرخەن و لەژیانێکی ئاسایی بەهرەمەندبن , ئەگەر مەسەلەی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و ڕۆژنامەی ئازادو هەلومەرجی چۆنیەتی ژیانی ژنانیش لەبەر چاو بگیرێت , ئەوا لوبنان بەبەراورد بەووڵأتانی کەنداو قابیل بەمەقایەسە نیەولەچەندین لایەنی کۆمەلأیەتیەوە بەراورد ناکرێن , بۆیە دەبێت بەوریاییەوە لەگەڵ هەلومەرجی جەنگدا مامەڵە بکەین بەتایبەتی ئەو گوتارانەی کە دەیانەوێت تەبریر بۆشەر بدۆزنەوە , چونکە جەنگەکان هەرچەندە لەژێر پەردەو دەمامکەوە ئەنجام بدرێن, بەلأم ئەوکارەساتانەی لێدەکەوێتەوە کە قوربانیەکان بەتەنها هەر ئەو سەربازو کەسە مەدەنیانەنابن کە لەناو ڕووداوەکاندا تیادەچن و دەبنە قوربانی , لەلایەکی ترەوە جەنگەکان جگەلەوەی کەژیانی ئاسایی دەشێوێنن لەهەمانکاتیشدا هەوڵ دەدەن فکریش بەوزمانە بخوێننەوە کە لە بەرژەوەندی لایەنە بەهێزەکانە , ئەمە جگەلەوەی کە کارەساتەکانی جەنگ بوعدەکەی لەسەر مرۆڤایەتی زۆر لەوە زیاترە کە میدیاکان ڕۆژانە ژمارەی کوژراوەکانمان پێدەڵێن و وێنەی کاولکاریەکانمان نیشان دەدەن , ئێمە کاتێك دەتوانین لەزۆرترین قوربانیەکانی جەنگەگەورەکان بەئاگابین , کە دەبیستین , ساڵأنە ( 3 ) ملیۆن منداڵ بەهۆی نەخۆشی مەلاریاوە گیانیان لەدەست دەدەن , کاتێك ئێمە دەبیستین کەنەخۆشییە کوشندەکان لەسەردەمانی جەنگدا زیاد دەکەن و تەنانەت وولأتە پیشەسازییەگەورەکانیش دەگرێتەوە , وەك ئەوەی کە لەساڵی 2001 دا ( 16 ) هەزار حاڵەتی توشبووی نەخۆشی سیل لەئەمریکا تۆمار دەکرێ , کە لە20٪بەرکەوتوەکان لە کالیفورنیایە , یان لە ئەفریقای خواروو ( 10 ) ملیۆن منداڵ بەهۆی ئەوەی کە باوك و دایکیان بەنەخۆشی ئایدز گیانیان لەدەست داوە هەتیوودەبن و ناتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان وەك منداڵ بەرنەسەر , کە ئەم ژمارەیە رێك بەقەد هەموو ژمارەی منداڵأنی کالیفورنیا دەبێت , یان لەووڵأتێکی وەك ئۆگەندا کەلە هەرچوار کەس یەکێکیان نەخۆشی ئایدزی هەیە , ئەو کاتە لەوە تێدەگەین کە قوربانیجەنگەکان تەنها هەرئەوانە نین کە لە مەیدانەکانی شەڕدا دەکوژرێن . ئاشکراشە مەترسیەکانی سەرژیانی مرۆڤایەتیش بەتەنها هەر کردەوەی تیرۆرو تیرۆریستان نیە , بەڵکو ئەو بەرپرسیارێتیەشە کەناتوانێ دەست بەرداری قازانج پەرستی خۆی بێت وخودی ئەوبریارانەشە کەجەنگەکانی پێهەڵدەگیرسێت و پارەو پوولێکی زۆر لەباتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی مرۆڤ تەرخان بکرێن دەکرێن بەگەرووی شەڕو شەڕگەکاندا , ئەگەر ئەمریکا خۆی بەبەرپرسیار دەزانێت لەوەی کە لەدوورترین وولأت چی دەگوزەرێت و دەیەوێت بەنەهێشتنی دەسەلأتە شمولیەکان هەڕەشەکانی سەرمرۆڤایەتی کەم بکاتەوە و ئەمنی قەومی خۆی بپارێزێت , دەشبێت خۆی بەبەرپرسیار بزانێت لەو منالە ئەفەریقیانەی کە هەر ئێستا نەوەیەك لەرێگەی دایکەکانیانەوە هەلگری ڤایرۆسی ئایدزن , ئەگەر خەرج و باجی سەربازێکی ناوجەنگ بەدەیان هەزار دۆلار بێت , ئەوا بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەتوانرێت لە 25٪ ی منالە توشبووەکانی مەلاریا لەئەفریقا بەبەکارهێنانی پەردەی دژە مێشوولەی مەلاریا لەو نەخوشیە ڕزگاریان ببێ , کەنرخەکەشی لە دوو تا چوار دۆلار زیاتر نیە کە بەداخەوە لە 1٪ ی منداڵأن تاکو ئێستا توانیویانە دەستیان بەو پەردەیە ڕابگات و لەژێریا بخەون , بەپێی تازەترین ڕاپورتی ساڵأنەی سندوقی بەرگرتن لەنەخۆشیەکانی سیل و مەلاریا و ئایدز , بۆ ڕاپەڕاندنی (40) پرۆژە لە( 31 ) وولأتدا تەنها (378) ملیۆن دۆلاریان بۆکۆکراوەتەوە کە خۆی سندوقەکە بۆ راپەڕاندنی کاریدووساڵی ئایندەی پێویستی بە 6 , 6 ملیار دۆلار هەیە, ئەمریکا بەهۆی کێشەو گرفتەکانی خۆیەوە تەنها توانیویەتی ( 500 ) ملیۆن دۆلار دابین بکات ,هەربۆیە زۆربەی چاودێرانی تەندروستی واپێشبینی دەکەن کە لە( 10 )ساڵی ئایندەدا قوربانیەکانی ئەو نەخۆشیە زۆر ڕوولەزیاد بوون بکات و جیهان بتەنێتەوە , Unaids لەڕاپورتێکی دا ئاماژەبۆ ئەوە دەکات کە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ( 65 )ملێون مرۆڤی توشبووی نەخۆشی ئایدز هەبووە کە تاکو ئێستا ( 25 ) ملێونیان گیانیان لەدەست داوە , هەروەها پێشبینی ئەوەش دەکرێت , بەهۆی بلأو بووەوەی ئەم نەخۆشیە لە وولأتانی روسیا و چین و هندستان , لەساڵەکانی داهاتوودا قوربانیەکان زۆر لەوە زیاتربێت کە لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا هەبووە , چونکەتاکو ئێستا زۆرترین بەرکەوتوو لەخواروی ئەفەریقادا تۆمار کراوە , بەلأم ئێستا مەترسیەکە گوێزاویەتەوە ناو ئەو سێ وولأتەی کە پێشتر باسمان کردن , بەپێی دەزگا ئەکادیمیەکانی روسیا کەلەناوەڕاستی 2002 دا ئامارێکیان بلأوکردۆتەوە ئەوەیان ئاشکراکردوە کە 500 هەزار کەسی

تووشبووی نەخۆشی ئایدز هەیە , بەڵام دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا ئەوژمارەیەبە کەم دەزانن ولایان وایە ملیونێك تا دوو ملێون کەسی هەڵگری ڤایرۆسی ئایدز لەروسیا هەیە , هەندێك لەپزیشکەکان بڵاوبوونەوەی خێرای ئەو نەخۆشیە لەروسیا بۆ ئەوە دەگێرنەوە کە لەدوای ڕوخاندنی دەسەڵاتی شوعیەتی سوڤیەت , ئیتر بەکارهێنانی مەوادە بێهۆشکەرەکان زیادی کردووە و کۆچکردن تاڕادەیەك ئازاد کراوە و مەسەلە سێکسیەکان لەدەرەوەی خێزان برەوی سەندوە , ئەمە جگەلەوەی کەشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکان و زیندانەکانی ئێستاش مۆڵگایەکی باشن بۆ بڵاو بوونەوەی نەخۆشیەکانی سیل و ئایدز , چونکە ئێستا پتر لەملێونێك زیندانی هەیە کە ڕەچاوی باری تەندروستیان ناکرێ وپاکژی زیندانەکان پشتگوێ دەخرێ , ئەمانەلەگەڵ ئەوەی کەحکومەتی ئێستای روسیا ناتوانێت بەرنامەیەکی جدی بۆ بەرگرتن بەنەخۆشیەکوشندەکان دابنێت , ساڵانە تەنها دەتوانێت ( 6 ) ملێون دۆلار لەکۆی بیست ملیۆنی پێشنیازکراو تەرخان بکات , هەربۆیە هەڵمەتی بەرگرتن بەنەخۆشیەکان لەبارێکی زۆر خراپدا دەچێتە پێشەوە .
لەهندستانیش کە تاکوساڵی 2001 چوار ملیۆن نەخۆشی ئایدز ڕاگەیەنرابوو , بەڵام دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا لایان وایە کە ڕێژەکە 5 تا 8 ملیۆن کەسە , چینیش کە تاکو ئێستا دەیەوێت مەسەلەکە بەناڕۆشنی بهێڵێتەوە بەپێ ئاماری ڕەسمی ڕاگەیەنراو 800 هەزار تا ملێون و نیوێك سەلمێنراوە , بەڵام بەپێی ڕاگەیاندنی بەر پرسێك کە نەویستووە ناوی خۆی بڵێت, بەڕۆژنامەی نیویورك تایمزی ووتووە کەژمارەی هەڵگرانی ئەو ڤایرۆسە گەیشتۆتە ( 6) ملێون ئینسان , کەبەزۆری هۆی بڵاو بوونەوە خێراکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو حاڵەتی خوێن فرۆشتنەی کە لەچین برەوی هەیە لەنێو جوتیارە هەژارەکاندا .
بەپێی پێشبینیەکانی Unaids لایان وایە گەر بەم شێوەی ئێستا ئەو نەخۆشیانە بڵاو ببێتەوە و بەرنامەیەکی جدیان بۆ دانەنرێت ئەوالەساڵی 2025 دا ڕێژەی بەرکەوتووەکان تەنها لەو سێ وڵاتەدا دەگاتە ( 66 ) ملێون کەس , لەجیهانیشدا ڕێژەی بەرکەوتوەکان دەگاتە ( 200 ) ملیۆن , هەربۆیە قوربانیەکانی ئەو نەخۆشیە لە تاعونی سەدەی چواردەیەم و لەئەنفلۆنزای ساڵانی 1917 زیاتر دەبێت ,سەبارەت بەهەندی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی عەرەبیش بەپێی تازەترین گوزارشتی بانکی دوەلی و نەتەوەیەکگرتوەکان , ئاماژەبۆئەوەکراوە کەتەنها لەساڵی 2002 دا ( 83 ) هەزار توشبووی تازە تۆمارکراوە , کە ئەگەر بەو ڕێژەیە لەوڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ڤایرۆسە بڵاوببێتەوە ئەوا لە35٪داهاتی نەتەوەییان تیادا دەچێت و توشی قەیرانێکی گەورەی ئابوری دەبن .
ماوەتەوە بڵێین لەبەرامبەربڵاو بوونەوەی نەخۆشیەکی ئاوادا ولەبەرامبەرپێشبینیە ترسناکەکانی هەژاری وفەنابووندا ئەوکاتە نە هیچ مانایەك دەمێنێتەوە بۆدیموکراتیەت و نەهیچ لایەکیش دەتوانێ ئەمنی قەومی خۆی بپارێزێت و نە کەسیش دەتوانێت بڵێت ئاسۆیەکی ڕوون چاوەڕێی مرۆڤایەتیمانە , بۆیە ئەگەر ئەمریکا خۆی بەبەرپرسیار لەڕووداوەکانی جیهان دەزانێت ,دەبێت ئەوەش بسەلمێنێت کەبەرپرسیارێتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکوشندەکان و هەژاری لەجیهاندا بەشێکی زۆری لەئەستۆی ئەو بەرپرسیارێتیە جیهانیەدایە کەئەمڕۆ ئەو خستوویەتیە سەرشانی خۆی .